# ڕۆمانی مێژوویی
# ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بەنموونە

**د. ئاوارە کەمال صالح**
بەشی کەرەستەی بیناکاری، کۆلێژی تەکنەلۆژی هەولێر،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، عێراق
Awara.saleh@epu.edu.iq

**پێشەکی:**
ڕۆمانی مێژوویی، یەکێکە لە جۆرەکانی ڕۆمان، کە لە پێناو بونیادنانی جیهانی ڕۆماندا پشت بە مێژوو دەبەستێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت، کە ئیدی وەکو بابەتێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو ڕۆماننووس ئەو کەرەستەو سەرچاوانەی کە لە مێژوو وەریدەگرێت، بە شێوەیەکی هونەری تەوزیفی نێو ڕۆمانی دەکات، تاوەکو دەقێکی بەرزی ئیستاتیکی لێ بەرهەم بهێنێت، کە چێژ بە وەرگر ببەخشێت. ڕۆمانی مێژوویی کایەیەکە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو بەشێوەیەکی قووڵ و هەوڵدانە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ئەو لایەنە شاراوانەی کە لە نێو مێژوودا فەرامۆش کراون. هەروەها پەلکێشکردنی مێژووە بۆ نێو زەمەنی ئێستا و وردبوونەوەیە لێی، تاوەکو بە هۆشیارییەوە بەرە و ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنرێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) هەوڵێکە بۆ دووبارە وێناکردنەوەی ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو لە باشووری کوردستان و سەرتاپای ئەو مێژووە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.
ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بە نموونە)، کە هەوڵمانداوە وێنای ڕەهەندی مێژوویی ڕۆمانەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بخەینەڕوو.
لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان کراوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم ئەم لایەنانە لە خۆ دەگرێت (زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی مێژوویی لای کورد، پێناسەی ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو). لە تەوەری دووەمیشدا ئەم دوو لایەنەمان خستووەتەڕوو (دەروازەیەك بۆ نێو جیهانی ڕۆمانی نیشتمانی سارا، مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) دا.

لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم:

### ١-١ زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی مێژوویی لای کورد:

ڕۆمان ژانرێکی فراوانە و وێنەی جیهانێکی تایبەت دەکێشێت، ئەم فراوانی و فرە ڕەهەندییەی وایکردووە، کە ئەم ژانرە لە شێوە و بونیادی جیاوازدا دەربکەوێت. لێرەدا ئەم توێژینەوەیە لەبارەی ڕۆمانی مێژووییە، کە لە پۆلێنکردندا بە جۆرێکی ڕۆمان دادەنرێت. (جۆرج لۆکاش) لە کتێبی (ڕۆمانی مێژوویی) دا (سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگێڕێتەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی شکست و ڕووخانی ناپلیۆن دا. ئەویش لە میانەی دەرکەوتنی ڕۆمانی (ویفەرلی) (واڵتەر سکۆت) لە ساڵی ١٨١٤دا). (لوکاش، ١٩٨٦، ١١). (واڵتەر سکۆت ١٧٧١-١٨٣٢)ی ئۆسکتلەندیی ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەردەمی خۆیدا بینیوە، ئەویش لە ڕێگەی (بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لە ڕۆمانی مێژووییەوە، کە مەبەست لێیان تەوزیفکردنی مێژووی ئۆسکتلەندا بوو لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەیەمی زاینیدا، جگە لە وێناکردنی مێژووی هەریەك لە ئینگلتەرا و فەرەنسا لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، (واڵتەر سکۆت) خاوەنی ئەندێشەیەکی فراوان و بەهێز بوو، نووسەرێکی کارامە و لێهاتوو بوو، کە دەیتوانی وێنایەکی مێژوویی پڕ لە زیندەگی بە خوێنەرانی بگەیەنێت، بەجۆرێك، کە باوەڕ وابوو ئەو مێژووەی وەرگر لە ڕۆمانەکانی (واڵتەر سکۆت)ەوە پێی ئاشنا دەبێت، کاریگەری زۆر زیاترە، لەو زانیارییە مێژووییانەی کە خوێنەر لە ڕێی کتێبە مێژووییەکانەوە پێی دەگەیشت، چونکە

هێندە بە پوختی و بەڕاستی وێنە مێژووییەکانی بەرجەستە دەکرد). (جرجر، ٢٠١٥، ٧). ئیدی کارەکانی (واڵتەر سکۆت) بوونە دەروازەیەك بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕابردوو و دووبارە بەرجەستە کردنەوەی بەشێوەیەکی هونەری لە قاڵبی ڕۆماندا و هەستی نەتەوایەتی لای بەریتانییەکان پەرەپێدا.

ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر ڕۆمانی کوردی بکەین، دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە ئەو ژینگە و بارودۆخەی لای نەتەوەکانی دیکە فەراهەم بوو، لەگەڵ ژینگە و هەلومەرجی کوردستانی دابەشکراودا ناکەوێتە تای تەرازووی بەراوردکردنەوە، چونکە زەمینەی دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی هاوسێی بەتەواوەتی جیاوازە. بەو واتایەی (ئەوەی بۆ ڕۆماننووسانی نەتەوەکانی دیکە، هەر لە ڕووی زمان و ئازادیی ڕادەربڕین و چاپ و بڵاوکردنەوە بۆیان فەراهەم بوو. ئەم ژینگەیە لای ڕۆماننووسانی کورد هێشتا نەخەملیبوو، تەنانەت لەو ڕۆژگارانەدا ئەدیبی کورد نەیدەتوانی ئازادانە بە زمانی دایك گوزارشت لە خۆی بکات) (پاشا، ٢٠٠١، ٧٣). واتە دەکرێت بگوترێت (لە کاتێکدا نەتەوەکانی عەرەب و تورك و فارس بە وەرگێڕانی ڕۆمانگەلی مێژوویی ڕۆژئاوایی و دواتر بەرهەمهێنانی ڕۆمانگەلی مێژوویی خۆماڵی ڕەوتی نەتەوە سازییان خێراتر دەکرد، کوردەکان لەگەڵ چارەنووسێکی تر ڕووبەڕوو دەبوونەوە و ڕادەی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ناسیۆنالیزمی و فەرهەنگی و سیاسییان دەرفەتی ئاشنابوون بە ژانری ڕۆمان و نووسینی رۆمانی نەدەدا). (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣١٩). کاتێك فاکتەرەکانی فراوانبوونی شارەکان و گەشەسەندنی چاپەمەنی و بزاڤی وەرگێڕان لای نەتەوەکانی دەوروبەری کورد، کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ژانری ڕۆمان دادەنێت و زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژووییان بۆ خۆش دەکات. دۆخەکە لای کورد بە جۆرێکی دیکە بوو، چونکە لەو ڕۆژگارەدا پرسیارەکە ئەوە بوو، داخۆ کورد ڕۆمانی هەیە یاخود نا ؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسەش، بە نائامادەگی زەمینەی ژێرخانی ئابووری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی نەتەوەی کوردەوە پەیوەستە. بەجۆرێك کورد هێشتا وێڵی دوای ناسنامە و پێناسی نەتەوەیی خۆی بوو، واتە لەژێر دەستی داگیرکەردا شەڕی مانەوەی خۆی دەکرد. بە تایبەتیش ڕۆمان بۆ خۆی

(هونەرێکی نوێیە و بەرهەمی شار و چەرخی مۆدێرنەیە، لەگەڵ گەورەبوون و فراوانبوونی شار و لە ئاکامی کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی شۆڕشی پیشەسازیدا، یەکەمجار لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە. دەتوانین بڵێین ڕۆمان هونەرێکی شارییە بەپلەی نایاب، تا گوزارشت لە دۆخە نوێیەکانی شار و کۆمەڵگەی شارستانی و مرۆڤی نوێی شاری بکات). (ئەسوەد، ٢٠١١، ٢٢٧). بەگشتی دۆخی نەتەوەی کورد لە سەدەکانی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا تەواو دژوار و ناجێگیر بووە، بە هۆی شەڕ و دابەشکردنی کوردستان و ستەمی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە، بۆیە وەك پێویست ژانری ڕۆمان لای کورد هاوشانی نەتەوەکانی دەوروپشتی نەخەملا.

لێرەدا دەکرێت، ئاماژە بە(هەوڵی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وەکو ڕۆمانی (قەڵای دمدم) ی (عەرەبی شەمۆ) بکەین. کە ڕۆمانێکی تەواو مێژووییە، ئەویش لە میانەی زیندووکردنەوەی کەسایەتی (خانی لەپ زێڕین) و ڕۆڵی لە بەرگریکردن لە قەڵاکەیدا دژی فارسەکان، بەڵام لە زەمینەی سیاسی و ئایدۆلۆژییەکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، چونکە بەرهەمهێنەری ئەو گوتارە نییە، کە ڕێگە خۆشکەری سازدانی ناسنامەی نەتەوەیی بێت). (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣٢٠-٣٢١). واتە ڕۆمانەکەی (عەرەبی شەمۆ)، هەرچەندە وێناکردنی کەسایەتییەکی واقیعیی مێژوویی کوردە، بەڵام لە ژێر چەتری یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەرهەم هاتووە و نەیتوانی، وەکو پێویست ڕەنگدانەوەی لەسەر بیری نەتەوەیی کوردی دروست بکات.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت ڕۆمانی (گەڕیان ل بابی بەرزە) ی ڕۆماننووس (ئەنوەر محەمەد تاهیر)، وەك (ڕۆمانێکی مێژوویی ئەژماربکەین، چونکە ڕۆماننووس سەرکەوتووانە توانیویەتی مێژووی پڕ لە تراژیدیای میللەتی کورد بکاتە کەرەستەی ئەم ڕۆمانە. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بۆ فریاد ڕەسێك یاخود سەرکردەیەکی کارامە دەگەڕێت، تاوەکو نەتەوەی کورد لە دەست زوڵم و زۆرداری و ژێردەستەیی ڕزگار بکات). (ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٦٥). ڕۆمانی (گەڕیان ل بابی بەرزە) شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو مێژوو تا بەڕۆژگاری ئەمڕۆ دەگات، واتە گەشتێکە بۆ دیتنەوەی باوك یاخود سەرکردەیەك، کە نەتەوەی کورد بە کەناری ئارامی بگەیەنێت. هەر لەم میانەیەدا دەکرێت ڕۆمانەکانی (ژانی گەل) ی (برایم ئەحمەد) و (شار) ی (حوسێن عارف) وەکو

ڕۆمانی مێژوویی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، چونکە وێناکردنی مێژووی سەردەم لە ڕۆمانەکانیاندا ئامادەگی هەیە.

هەروەها ڕۆمانەکانی (دەربار) و (دەغدو) ی (خوسرەو جاف)یش دەکەونە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (دەغدو) دا، کە مەزراندنی مێژووی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی خێزانێکی کورد دەکات، کە چۆن لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا بەر شاڵاوی بە عەرەبکردن دەکەون و لە شاری موسڵەوە دوور دەخرێنەوە بۆ ناوچەیەکی سنووری لە باشووری عێراق، کە شارۆچکەی (زوبێر)ە، ((من و باوکم و دایکم، میللەتێك بووین لەو بیابانەیدا لە هەموو شتێ نامۆ و بێگانە، هەتا وەکو دەوروبەرە لماوییەکە سەرسامی کردبووین، خۆمان بە سێ دڵۆپ ڕۆن دەزانی لە ناو جامێك ئاودا.. سەیرکردنی قوتابیانی هاوکڵاسم هەر ئاوڕێکیان پرسیارێك بوو، لە ڕۆژی یەکەمدا مامۆستاکەم هەڵیساندم و وتی: هەستە خۆت بناسێنە .. با لەگەڵ هاو کلاسیەکانتا ئاشنا بیت...

عەرەبیم چاك دەزانی، بە شێوازی خەڵکی شاری موسڵ، خۆم ناساند، بەڵام ناوەکەم بوو بە گرفتێك.. (سەنگەر) نەیاندەتوانی بە زمانی بهێنن، یەکێك لە قوتابیان وتی: ( سەنجەر) ناوی مەکینەی دورووماتە، هەموویان قاقا پێکەنین..)) (دەغدو، ٢٠١٣، ١٢). ڕۆماننووس وێنەی ئەو خێزانەی کە لە کەسایەتییەکی سەرەکی بە ناوی (سەنگەر) و دایك و باوکی پێکهاتووە دەکاتە سیمبولی هەزارەها خێزانی کورد کە بە دەست سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمی بەعسەوە دووچاری دەیان کارەسات و ناهەمواری بوونەتەوە. لە ڕۆمانەکەدا وێنای شەڕی نێوان عێراق و ئێران و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ڕاپەڕینی کورد دژی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی کوردستان کێشراوە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دێرین و لە ڕێگەی ڕۆحیانەتی کەسایەتییەکەوە بە ناوی (دەغدو)، کە کچی (دیاکۆ) ی پاشای مادە و دەبێتە ئاشنای سەنگەر، کۆمەڵێك زانیاریی زۆر ورد و مێژوویی لەسەر ناوچەکە و ڕەچەڵەکی کورد و ململانێکانی دوو هەزارو حەوت سەد ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەکەدا تەوزیف دەکات، کە مێژووی دەوڵەتی ئاشووری و ماد و بابلییەکان لە خۆ دەگرێت، خوێنەر زۆر زانیاریی وردی چنگ دەکەوێت، کە سەراپای ئەو مێژووە

پڕە لە ململانێ و شەڕ و پێکەوە گرێدانی ئەو ڕابردووەیە بە ئێستای دۆخی کوردەوە، (دەغدو) وەك کەسایەتییەك دەبێتە هاوڕێی (سەنگەر) و زانیاری و پێشبینی بۆ داهاتوو پێدەدا، ئیدی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆمانەکە بەردەوامی هەیە، تاکو دەگاتە ڕووخانی ڕژێمی بەعس. گرنگی مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (دەغدو) دا دروستکردنی ئەڵقەیەکە بۆ پێك گەیاندنی مێژووی دێرینی کورد و مێژووی نوێی، کە پێویستییان بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنە، بۆ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی نەتەوەی کورد و ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا نەبێتە خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی.

یەکێك لەو ڕۆماننووسە کوردانەی، کە ڕۆمانی کوردی زیاتر بە ئاراستەی مێژوودا بردووە. ڕۆماننووسی ناسراوی باکوری کوردستان (محەمەد ئۆزۆن)ە، کە لە ڕۆمانەکانی ((ڕۆژێك لە ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکێ) و (سایەی ئەڤین) و (بیرا قەدەرێ) و (هاوارا دیجلەێ) دا، بە ئاراستەی کارکردنی لە نێو مێژوودا ئاشنا دەبین. ئەویش لە ڕێی وێناکردنەوەی ئەو پاڵەوان و سەرکردە نەتەوەییانەی، کە لە پێناو گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی کورددا، لە بارودۆخێکی نالەبار و لە بەرانبەر هێز و تەوژمێکدا، کە لەڕادەی ئەوان مەزنتر بووە شکستیان خواردووە و بوونەتە قوربانی. بۆ نموونە (محەمەد ئۆزۆن) لە ڕۆمانی (هاوارا دیجلەێ) دا، کە باس لە کارەساتی داڕووخانی دوا میری بۆتان و ئیمارەتەکەی دەکات. دەیەوێت بڵێ مێژووی کارەساتی کورد هەر لە ڕۆژی ٢٠ ی تەمموزی ١٨٤٧ ی زایینییەوە دەست پێناکات، کە ڕێکەوتی خۆ بە دەستەوەدانی میر بەدرخانە. بگرە پێش ئەوەش هەر وابووە، لە سەردەمی تاهیرخان و عەگیدی برایدا و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە). (ڕۆژبەیانی، ٢٠١١، ٨٠-٨١ و٨٦). بەگشتی ڕۆمانەکانی (محەمەد ئۆزۆن) زیاتر بەرجەستەکردنی ئەو کارەکتەرە نەمرانەی مێژووی کوردە، کە لە پێناو گەیاندنی پەیامی نەتەوەییدا سەری خۆیان بەخشیوە. هەر لەم نێوەندەدا دەکرێت ڕۆمانەکانی (مژاباد) و (میرنامە) ی ڕۆماننووس (جان دۆست) وەکو ڕۆمانی مێژوویی نێوزەد بکەین، کە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ڕۆمانی مێژووین.

لە هەمان دیدگاوە، ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) ی (میران ئەبراهام)، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە هەڵگری ئەدگارەکانی ڕۆمانی مێژووییە. ئەویش لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی مێژووی سەدەیەك لەمەوبەری ژینگەی باشووری کوردستان، لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیەکاندا و کاریگەرییەکانی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە و بەرجەستەکردنی ئەم ڕەهەندانە، لە نێو جیهانی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) دا.

**١-٢ پێناسەی ڕۆمانی مێژوویی:**

ڕۆمانی مێژوویی بەشێوەیەکی ورد پشت بە مێژوو و ڕووداوگەلی ڕابردوو دەبەستێت. بۆیە کاتێك مرۆڤ هۆشیاریی دەربارەی زەمەنی ئێستای زیاد دەکات، گرنگیپێدانی بەلایەنی مێژوو پەرە دەستێنێت. بەو سیفەتەی کە مێژوو پێشینەی ئێستایە، هەر بۆیە لەم بارەدا دەکرێت پەنا بۆ ڕۆمان ببرێت، چونکە ڕۆمان (بە یەکێك لە کەرەستە ورد و ڕاستگۆکانی وێناکردنی مێژوو دادەنرێت، لەڕووی پشکنین و گەڕان و کنەکردنی ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە لە مێژوودا ڕوویانداوە). (لۆکاش، ١٩٨٦، ٧). بەم پێیە ڕۆمانی مێژوویی دەتوانێت ئەو ڕۆڵە وازی بکات، کە سەرلەنوێ مێژوو زیندوو بکاتەوە و بیخاتە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنابوون و ڕوونکردنەوەی مەودا و ڕەهەندەکانی ڕۆمانی مێژوویی، چەند پێناسەیەکی ڕۆمانی مێژوویی دەخەینەڕوو:

ڕۆمانی مێژوویی ئەو جۆرە ڕۆمانەیە کە (کەرەستەکانی لە مێژوو وەردەگرێت) (نوفل، ١٩٨٥، ٢٢٠). لە پێناسەیەکی دیکەدا ڕۆمانی مێژوویی بریتییە لەو ڕۆمانەی کە (لە بونیادنانیدا پشت بە ڕووداوە مێژووییەکان و کەسایەتییەکانی ناوی دەبەستێت) (عبدالله، ١٩٩١، ١٩٢). یاخود (زیندووکردنەوە و ژیاندنەوەی قۆناغێکی مێژووییە، کە بەسەرچووە و ئامادەگی نەماوە، ئەویش لە ڕێگەی خوڵقاندنی چەند کەسایەتییەکی مێژوویی ناودارەوە لە نێو ڕۆمانەکەدا). (جرجر، ٢٠١٥، ٢). ڕۆمانی مێژوویی ئەو جۆرەی ڕۆمانە کە (ڕووداوەکانی لە مێژووی نەتەوەیی، یان مێژووی جیهانییەوە وەردەگرێت) (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٢٢١ ). یاخود دەگوترێت ڕۆمانی مێژوویی (لە چوارچێوە گشتییەکەیدا ئیلهام لە مێژوو وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننوس ڕووداوەکان دادەمەزرێنێت

و گەشەی پێدەدات، بەڵام لە وێناکردنی کەسایەتییەکاندا تەنیا لە هێڵە گشتییەکاندا وابەستەی واقیع دەبێت، تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی هونەری ڕۆڵ بە کەسایەتییەکانی ببەخشێت) (جرجر، ۲۰۱۵، ۲).

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم پێناسەکانی ڕۆمانی مێژوویی جەخت لە زیندووکردنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی دەکەنەوە، لەم پێناوەشدا پەنا بۆ کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی نێو مێژوو دەبەن، بێگومان ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ڕۆمانی مێژوویی وەکو تۆمارێکی مێژوویی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ڕۆماننووس بەشێوازێکی هونەری مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکات و لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە سەرلەنوێ گیان بەبەر ڕووداو و کەسایەتییەکاندا دەکاتەوە، تاوەکو جیهانبینیی خۆی لە نێو ڕۆمانەکەدا تەوزیف بکات. سەرەڕای هەموو ئەم لایەنانە پێویستە زەمەن و شوێنی واقیعی لە ڕۆمانەکەدا بوونیان هەبێت، تاوەکو سیمای واقعیبوون بە نێو جیهانی ڕۆمانەکە ببەخشن.

**١-٣ ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو:**

ئەگەر لە ڕوانگەی (جۆرج لۆکاش) ەوە، سەرنج لە پەیوەندیی نێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو بدەین. دەبینین کە هەردوو چەمکەکە بە تەواوکەری یەکدی دەزانێت، چونکە (لۆکاش) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (هەموو ڕۆمانێك پێویستە مێژوویی بێت، ئەویش تەنیا لەبەر ئەو هۆکارەی، ئەگەر ڕۆمانەکە گوزارشت لە ڕووداوێکی کۆن بوو، ئەوا بە مێژووی دێرینەوە پەیوەست دەبێت، بەڵام ئەگەر لە خولگەی ڕووداوەکانی ئێستادا سووڕایەوە، ئەوا لەگەڵ مێژووی نوێدا یەکدەگرێتەوە). (فضل، ۲۰۰۲، ۳۲). بەڵام ئەگەر وردتر لە ڕەوتی ئەو پەیوەندییە بڕوانین، ئەوا بە ئاراستەی کارکردنی هەریەکێکیان ئاشنا دەبین، چونکە (مێژوو دیوی دەرەوەی ڕووداو نیشاندەدات، ئەدەب دیوی ناوەوەی، واباوە مێژوو ڕووداو وەك خۆی چۆن ڕووی داوە ئاوای دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەدەب ڕووداو چۆن (لەوانەیە) ڕووی دابێت ئاوای دەگێڕێتەوە). (رۆژبەیانی، ۲۰۰۸، ۲٤٩). لێرەدا زیاتر ئالیەتی

کارکردنی هەریەکێك لە چەمکی ڕۆمانی مێژوویی و مێژوومان بۆ دەردەکەوێت، بەو واتایەی مێژوو تەنیا بە تۆمارکردن و گوێزانەوەی ڕووداوەکانەوە وەك خۆی پەیوەستە، بەڵام ئەدەب یاخود ڕۆمان شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو دیوە شاراوە و نهێنییەکان و بەدوای پەنهانەکاندا دەگەڕێت و ڕووداوەکان دەخاتە ژێر پرسیار و بەدوای ڕاڤە و لێکدانەوەی نوێدا وێڵە. بەواتایەکی دیکە (ئەگەر مێژوو کار و دەسکەوتەکانی مرۆڤ لە نێو گەشتی زەمەندا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوا ئەدەب گرنگی بە تۆمارکردنی سۆز و هەڵچوونەکانی مرۆڤ دەدات، هەر بۆیە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو پەیوەندییەکی توندو تۆڵە و مێژوو مەیدانێکی بەپیتە بۆ ئەدیبان، تاوەکو ببێتە ئیلهام بەخشی داهێنانەکانیان) (جبر، ٢٠٠٨، ٨). بەم پێیە مێژوو لەگەڵ ڕەهەندە گشتییەکانی کاروانی مرۆڤایەتیدا ڕێ دەکات، بەڵام ئەدەب قووڵ دەبێتەوە و شرۆڤەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی مرۆڤەکان دەکات. ئەوەی لەم پەیوەندییەی نێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژوودا جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، یاخود وردتر بڵێین ئایا ئاوێزانکردنی ڕۆمان و مێژوو شتێکی گونجاوە؟ ئەمیش لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆمان لە هەنگاوی یەکەمدا بەرهەمی خەیاڵی نووسەرێکی دیاریکراوە و بۆ سەلماندنی ئەدەبیبوونی دەبێت پارێزگاری لە بەها ئیستاتیکییەکانی دەق بکات، بەڵام مێژوو کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ ناسینی ڕابردوو لەسەر بنەمای لێکدانەوەی فاکت و واقیعەکان بەو جۆرەی ڕوویانداوە شتێکی گونجاوە؟ ئاخۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و باسکردن لە کەسایەتییە واقیعییەکانی زەمەنە بەسەرچووەکان لە بەرهەمێکی خەیاڵیدا دەکرێت وەك مێژوو سەرنج بدرێت؟ هەروەها مرۆڤ دەکرێت بپرسێت، ئاخۆ ئەگەر مێژوونووسێك کەرەستە مێژووییەکان و تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوو جۆرێك ئاراستە بکات، کە تێیدا زمانی گێڕانەوە ئەو زمانە ئەدەبییە بێت، کە ڕۆماننووسێك بەکاری دەهێنێت، دەکرێ بەرهەمەکەی وەك ڕۆمان پێناسە بکرێت؟ (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣٠٦). بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە هەریەك لە ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، هەر یەکێکیان ئاراستەی کارکردنی جیاوازە. مێژوو بە واقیعەوە پەیوەست دەبێت، بەڵام ڕۆمانی

مێژوویی دەبێتە بەشێك لە مێژووی ئەدەب. دەچێتە خانەی واقیع لە نێو کێڵگەی مێژوودا دیارە، بەو واتایەی کاتێك کە ڕووداوێکی مێژوویی دەبێتە هەوێنی ڕۆمانێکی مێژوویی، پێویستە چنینی ڕووداوەکان بە جۆرێك بێت، کە پارێزگاری لە ڕەهەندی ئەدەبیی بەرهەمەکە و لایەنی ئیستاتیکی دەقەکە بکات، واتە لێرەدا ڕۆماننووس هەندێك لە ڕێڕەوی ڕووداوە مێژووییەکان دەگۆڕێت، تاوەکو لەگەڵ بونیادی هونەریی کارەکەیدا بیگونجێنێت. بە واتایەکی دیکە کاتێك ڕۆماننووس ئیلهام لە ڕووداوێکی مێژووییەوە وەردەگرێت. جارێکی دیکە شتەکان ڕێکدەخاتەوە و ڕۆڵەکان دابەش دەکاتەوە و شوێنەکان بەجۆرێکی دیکە وێنا دەکاتەوە و دیالۆگەکان دادەڕێژێت و دیمەنەکان بونیاد دەنێت. پاشان هەڵوێست و کاردانەوەی کەسەکان دادەڕێژێتەوە و شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو جومگەکانی کۆمەڵگە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا (الجنابي، ٢٠٠٩، ٥٦-٥٨). بەم ڕێگەیە ڕۆماننووس دەتوانێت، لە نێو ڕووداوە مێژووییەکانەوە داهێنان بخوڵقێنێت و شاکاری بەرزی ئەدەبی بەرهەم بهێنێت.

کەواتە ڕۆمانی مێژوویی لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕۆماننووس لە میانەی ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییە ڕاستییەکانەوە دەست بە پرۆسەی گێڕانەوە دەکات، بەڵام گۆشەنیگاکان بە جۆرێك ئاراستە دەکات، تاوەکو گوزارشت لە ئەزموونەکانی خۆی بکات. لێرەدا دەشێت بپرسین، ئایا بۆچی ڕۆماننووس پەنا بۆ مێژوو دەبات؟ یاخود گرنگی ڕۆمانی مێژوویی لە چیدایە؟ دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا وەڵامی ئەم پرسانە بخەینەڕوو:

١.بڵاوکردنەوەی مێژوو لەسەر شێوەی ڕۆمانی مێژوویی، باشترین بژاردەیە بۆ هاندانی خوێنەر تاوەکو زۆرترین زانیاری لێوە وەربگرێت، چونکە خوێنەر مەیلی ناکەوێتە سەر خوێندنەوەی بابەتێکی مێژوویی وشك، کە لە ڕەگەزی چێژ خاڵی بێت.

٢.وێناکردنی واقیع و کێشەکانی ژیان.

٣.جەختکردنەوە لەسەر جێگیرکردنی ڕۆحی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی. (جبر،٢٠٠٨،٢٧).

٤.کاتێك کۆمەڵگە ویژدانی ڕادەچەنێت و هەست دەکات کەسایەتی تاکەکانی لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەی لە ناوچووندایە بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی و هێرشی داگیرکەرانەوە. ناچارە دەست بە مێژووی خۆیەوە بگرێت.

٥.لە حاڵەتی دۆشدامان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعدا، خود هیچ ڕێگەیەکی دیکە شك نابات، جگە لە خۆهەڵواسین بە یادەوەریەکانی ڕابردوودا نەبێت. ( ماضي، ٢٠١٣، ١٦٥).

ئەم هۆکارانەی سەرەوە پاڵنەرن بۆ ئەوەی ڕۆماننووس پەنا بۆ مێژوو ببات، چونکە مێژوو دەوڵەمەندە بە ڕووداو، ئەمەش زەمینە خۆشکەرە بۆ ڕۆماننووس تاکو بە شێوازێکی هونەری جیهانی ڕۆمانەکەی دابمەزرێنێت.

## تەوەری دووەم:

### ٢-١ دەروازەیەك بۆ نێو جیهانی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا):

ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) یەکێکە لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس (میران ئەبراهام)، کە لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشەوە لە ساڵی (٢٠١٩)دا چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە، ڕۆمانەکە لە (٤٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە و بەسەر پێنج بەشی سەرەکییدا دابەشکراوە. هەر بەشێك خاوەنی ناونیشانی تایبەتی خۆیەتی. ناونیشانی بەشی یەکەم (کتێبێك بۆ یادەوەرییە شەرمنەکان). بەشی دووەم (نیشتمانی سارا) بەشی سێیەم (یادداشتەکانی سارا) بەشی چوارەم (دابڕان) بەشی پێنجەم (گەڕانەوە). جگە لەوەی هەر بەشێکیش بە هۆی ژمارەوە بۆ چەند بەشێکی دیکە دابەشکراوە. بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە (کتێبێك بۆ یادەوەرییە شەرمنەکان) فراوانترین بەشی ڕۆمانەکەیە و بونیادی درامی ڕۆمانەکەی لەسەر هەڵچنراوە. بونیادی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بە دوای یەکدا ڕیزکراون، واتە بەپێی مێژووی ڕوودانیان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بە دوای یەکدیدا ڕێکخراون و گێڕەرەوە بە ڕیتمێکی مێژوویی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. کەسایەتی سەرەکی یاخود پاڵەوانی رۆمانەکە بە (خایم) یاخود (باپیرە خایم) ناسراوە. هەر خودی (خایم) گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانە و زانیاریی تەواوی لەسەر کەسایەتییەکانی

دیکە و کات و شوێنی ڕووداوەکان هەیە. بەگشتی ڕۆمانەکە باس لە ژیانی خێزانی (خایم) دەکات، کە خێزانیکی جوون و لە گەڕەکی جوولەکانی شاری سلێمانی ژیاون. دواتر بەپێی تێکەڵاوی و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی ئەم خێزانە و بە تایبەتی (خایم) جوگرافیا یاخود شوێنی ڕۆمانەکە بەرەو شارۆچکە و شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق فراوان دەبێت. دواتریش لە ڕێی گەشتەکانی (خایم)ەوە، پانتایی شوێن بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەکشێت. کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە پەیوەستە بە تەمەنی (خایم)ەوە، کە نزیکەی سەدەیەك ژیاوە و سەردەمی ژیانی دەکەوێتە سەدەی بیستەوە.

ڕۆماننووس گۆڕانکاری و وەرچەرخانە مەزنەکانی سەدەی بیستەم لە شاری سلێمانی و کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی لە ڕۆمانەکەدا تەوزیف دەکات. کە هەر لە سەردەمی عوسمانییەکان و دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی و گرانییە گەورەکە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پاشان حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفید و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و شاری سلێمانی درێژ دەبێتەوە تاکو سەردەمی نوری سەعید و عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکان. هەموو ئەو ڕووداو و کەسایەتییانەی پەیوەست بەزەمەن و شوێنی واقیعییەوە کردووە و جووڵەیەکی هونەری بە جیهانی ڕۆمانەکە بەخشیوە. ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) وێنەی واقیعێکی تراژیدیی کەمینەیەکی ئایینی جوو دەکێشێت، کە چ لەلایەن دەسەڵات و چ لەلایەن هاوڵاتیانی ئاساییەوە تەنیا لەبەر بیروباوەڕەکەیان سووکایەتیان پێکراوە و دژایەتی کراون. (سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئاغاکان و جوولەکەکانی شاری سلێمانی ، (ئەریك براوەر) لە زانیاریی (بینیامینی دووەم)ەوە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٨٤٠ ەوە، تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش جوولەکەکان لە بارێکی خراپدا ژیانیان لە شارەکەدا گوزەراندووە، چونکە ئەگەرچی کە نەکراوە بە مەرج کە جوولەکەکانی شار بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدەنە ئاغاکان، بەڵام لە جەژنەکانی موسڵمان و جوولەکەکانیشدا دیارییان لە جوولەکەکان سەندووە کە بە زۆری بریتی بوو لە شەکر و قوماش و جلوبەرگ، یان ئەگەر یەکێك لە بەردەستەکانی ئاغا بۆ کڕینی شتێك بچووبایەتە دووکانێکی جوولەکەوە، نیوە یان یەك لە چوار، یان هەر

پارەی ئەو شتەی نەدەدات بە جوولەکە دووکاندارەکە) (براوەر و پاتای، ٢٠٠٢، ٢٦٨). جگە لەوەی بە بیانووی پاراستنیانەوە لە سەردەمی عوسمانییەکان و حوکمڕانی شێخ مەحموددا جزییەیان لێ وەرگیراوە. ڕۆماننووس بەشێوەیەکی هونەری هەموو ئەو پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەخاتەڕوو، کە چۆن بەشێك لە هاوڵاتیانی کورد بەهۆی کاریگەریی ئاین و سیاسەتی شۆڤێنیانەی عەرەب و تورکەوە لەو سەردەمانەدا هەڵیان کوتاوەتە سەر جووەکان و ئازاری ڕۆحی و دەروونییان داون و زیانیان بەماڵ و موڵکیان گەیاندووە. هەر لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە ڕۆڵی جووەکان لە بونیادنانی شاری سلێمانی کراوە. جگە لەو پێگەیەی کە لە بواری کارو پیشە و چالاکیی بازرگانیدا هەیانبووە.

ناونیشانی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)، ناونیشانێکی دەلالەت ئامێزە و ڕۆماننووس بە ئاسانی کۆدی کردنەوەی نهێنییەکانی ناونیشانەکە بە دەستەوە نادات، بەڵکو وەرگر ناچار دەکات لە قووڵایی دەقەکەدا بە شوێن مەغزا و ڕازەکانیدا بگەڕێت. ئەو ڕازانەش خۆیان لە پابەندبوون بە زێد و خاك و قوربانیدان لە پێناویدا دەگرێتەوە، تاڕادەی دەست هەڵگرتن لە خانەوادە و خۆشەویستانی، بێگومان ئەمەش ئەفسوونی بیروباوەڕ لای (سارا) دروستیکردووە، کە ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری ئەو شوێنە بێت کە باو باپیرانی لەسەری ژیاون، دیارە (سارا) کەسایەتییەکی دیکەی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە و یەکێکە لە نەوەکانی (باپیرە خایم)، لە دوای ئەوەی هەموو خانەوادەکەی بەزۆر ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرێنەوە. (سارا) لەگەڵ (سالار)ی هاوسەریدا، تەنیا دەمێنێتەوە و هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحیی فراوان دەکات، چونکە لەلایەك لە خانەوادەکەی دابڕێنراوە، لەلایەکی دیکەوە سەرجەم پیرۆزییەکانی لێ زەوتکراوە و گۆڕستانی باوباپیرانی بە فەرمانی دەوڵەت کراوەتە شەقام و موڵك و ماڵیان بە تالان براوە. ئیدی دووچاری نامۆیی و شڵەژانی دەروونی دەبێت، بۆیە زۆرجار بەتەنیا بەرەو پاشماوەی گۆڕستانەکە دەڕوات و دیمەنی تێکدان و شێواندنی گۆڕەکان بە شۆفڵی شارەوانی و هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەبینێت، کە چۆن لەلایەن هەندێك کەسەوە بە بیانووی گەڕان بۆ پاشماوە و زێڕ و پارە ناهێڵن تەنانەت لە گۆڕیشدا ئارام بگرن. ئیدی ئەم دیمەنانە و بیرکردنەوە لێیان ژیانی (سارا) دەکەنە

دۆزەخ. بۆیە (سارا) نازانێت سکاڵای دڵی خۆی لای کێ بکات. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کوردستان نیشتمانی هەمووانە. ئەو نایەوێت دەستبەرداری ئەم خاکە بێت و ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە بۆ سێ هەزار ساڵ باو و باپیرانی بە کوردستانەوە بەستووەتەوە لە دەست بدات و خۆی بە کوردستانی دەزانێت. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە ڕۆحییەی کە لەلای (سارا) دروست بووە، ڕۆماننووس ناونیشانی (نیشتمانی سارا) بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، تاوەکو ئارامییەك بە جەستە و دەروونی ببەخشێت. دوای ئەوەی (سالار) ی هاوسەری (سارا) بە بیانووی پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی شارەوە لەلایەن ڕژێمەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت پەنا بۆ شاخ دەبەن. (سارا) هەر لە شاخیش بەدەم ئەو ئازارە دەروونییەوە تل دەخوات و دواجار ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکات و لەوێ لەلایەن (سالار)ی هاوسەرییەوە بەپێی سرووت و داب و نەریتی ئایینی جوولەکە بە خاکی دەسپێرێت. لەلایەکی دیکەوە (سارا) دەبێتە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی ڕابردوو و ئێستای جووەکانی کوردستان و وەکو سیمبولێك دەمینێتەوە، چونکە دوای ڕاپەڕین (خایم) ی باپیری و کەسوکار و خانەوادەکەی بە خۆشەویستی (نیشتمانی سارا) وە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە.

**٢-٢ مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) دا:**

بەرایی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) ئاماژە بە شوێنێکی واقیعی لە جوگرافیای شاری سلێمانی و کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە و بیروباوەڕە ئایینییەکەی دەدات ((گەڕەکی جوولەکان، بە درێژاییی تەمەنم لەبەرچاوی مندا گەڕەکێکی بچووك و داخراو بووە، ساڵانی سەردەمی منداڵیم و دواتر کاتێك کە لاو بووم، بەردەوام بەڕۆژی نیوەڕۆ و بە چاوی کراوەوە خەونم بە بەزاندنی سنووری ئەو گەڕەکەوە ئەبینی، ئەو سنوورەی کە ترس و دوودڵی لەو گەڕەکەدا بەدەوری ئێمەی جوودا کێشابوویان. باش لە بیرمە، کاتێك تەمەنم شەش ساڵان بوو، ڕۆژانە ئەچوومە سەربانی ماڵەکەمان و لەوێوە لە منداڵانی گەڕەکەکانی چوارباخ و سەرشەقامم ئەڕوانی)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٣). هەر لە دەسپێکدا خوێنەر هەست بە ترس و نائارامیی دەروونی لە لای کەسایەتی (خایم) دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە

شوێنێك كراوە، كە شوێنی نیشتەجێبوونی جووەكانە. لەڕووی مێژووییەوە جووەكان لە هەر شوێنێك ژیاون گەڕەكی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لە شاری سلێمانیشدا هەر لەگەڵ دروستكردنی شارەكەدا خەڵكانی ناوچەكانی دیكە و كەسانی ئاسایی و بازرگان و پیشەوەر و كەسانی خاوەنی بیروباوەڕی جیاوازی ئایینی وەكو موسڵمان و مەسیحی و جوو تێیدا نیشتەجێ بوون. سنووری (گەڕەكی جوولەكان، لە بەشی خوارووی شار و لە نزیك ڕووبار هەڵكەوتبوو، كە ڕێڕەوی ئاوەڕۆی گەڕەكەكانی دیكەی پێدا تێپەڕیوە. گۆڕستانێكی تایبەت بە خۆشیان بەناوی (گۆڕی جوولەكەوە) هەبووە) (حەمەتۆفیق، ٢٠١٥، ٥١ و ٥٣). هەر لە سەرەتاوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەرجەستەكردنی شوێنێكی واقیعییەوە دەیەوێت پەیامێك بە وەرگر بگەیەنێت. بەوەی كە (گەڕەكی جوولەكان) خاوەنی جوگرافیایەكی تایبەتە، هەرچەندە شوێنێكی گشتی و كراوەیە، بەڵام بە حوكمی بیروباوەڕی ئایینی وەكو شوێنێكی تایبەت و داخراو مامەڵەی لەتەكدا كراوە. بۆیە ڕۆماننووس لەم جوگرافیایەدا وێنایەكی مێژوویی كەسایەتی جوو لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەكێشێت، كە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە دوورەپەرێز بوون، لەڕووی دەروونیشەوە هەمیشە لە ترس و دوودڵیدا ژیاون. وەكو چۆن لەم دایەلۆگەی نێوان (خایم) و مامیدا ڕوونتر هەست بە باری دەروونی كارەكتەرەكان دەكرێت، كاتێك منداڵێكی شەش ساڵان بووە و لەگەڵ یاقووبدا، مامی بۆ بازاڕی بردوون : - ((كوڕگەل گیان، لە بازاڕ لێم دوور نەكەونەوە با لێم ون نەبن............ .

– ئەرێ مامە سلێمان ونبوونی چی، ئەوە نییە منداڵانی هاوتەمەنی ئێمە بۆ خۆیان بە تەنیا لە بازاڕن؟

– ئاخر ڕۆڵەكەم ئێوە جیاوازن ! ..........

– ئەرێ كام جیاوازی ! )) (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦).

ئیدی هەر لە منداڵییەوە ئەم جیاوازییە لای (خایم) دەبێتە پرسێك و هەمیشە لێكدانەوەی بۆ دەكات. تەمەنێك گیرۆدەی دۆزینەوەی وەڵامێكی گونجاو بۆ پرسی جیاوازی دەبێت. لەڕێی ئەم مۆنۆلۆگەوە وەرگر بەو پرسە ئاشنا دەكات، كە لە نێو هزریدا خول دەخوات ((ئایا بۆچی بە مەزەندەی مامە سلێمانم ئێمەی منداڵانی جوو

جیاواز بووین لە مندالآنی تری ئەو شارە ؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦). ئیدی ئەم جیاوازییە دەبێتە داینەمۆی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و خوێنەر ڕووبەڕووی واقیعە ناهەموار و دژوارەکان دەکاتەوە. لێرەوە ڕۆماننووس دەیەوێت گوتاری ڕۆمانەکەی لەسەر کەسایەتی (خایم) دابمەزرێنێت و گوزارشت لە جیهانبینیی خۆی بکات. واتە ڕۆماننووس (کەسایەتییەك لە واقیع وەردەگرێت، زیندەگی و جوولەی پێدەبەخشێت، تاوەکو بۆ ململانێکانی واقیع ئامادەی بکات. دواتریش ڕووبەڕووی ڕووداو و کەسایەتییەکانی دیکەی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی دەربارەی کێشەکان بخاتە ڕوو، یاخود باس لە چۆنییەتی چارەسەر و زاڵبوون بەسەر گرفتەکاندا بکات. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس داوێکی ئاشکرا لە ژیانی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە وەردەگرێت و دەست بە چنینی بونیادی ڕووداوی ڕۆمانەکە دەکات) (القاعود، ٢٠١٠، ٣٤٧). ڕۆماننووس کەسایەتی (خایم) ی بەجۆرێك خولْقاندووە، تاوەکو ئامادەی بکات بۆ هەموو ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە بەرەوڕووی دەبێتەوە. بۆیە (خایم) دەبێتە ئەو کەسایەتییەی، کە ڕۆڵی زیندوو کردنەوەی مێژووی سەدەی بیستەم دەبینێت، کە پڕە لە ململانێ و کێشە و هەلومەرجی نالەبار و شەڕ و برسێتی و پاکتاوکردنی ڕەگەزی بە هۆی جیاوازیی ئاین و زمانەوە. ئاوێنەی ڕووداوەکانیش باشووری کوردستانە. کاتێك (خایم) کەوتووەتە تەمەنەوە، دوو دەفتەری کۆن لە جانتاکەی دەردەهێنێت، کە یادەوەرییەکانی خۆی تێدا نووسیوەتەوە. شیعرێکی لە یەکێك لە دەفتەرەکاندا تۆمارکردووە، کە مێژووەکەی بۆ (٦ ی ئەیلوولی ١٩٣٠) دەگەڕێتەوە. لەو ساتەدا (ئارۆن) کە نەوەیەکی دیکەی (خایم) بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: ((باپیرە ئەوسا تەمەنت چەند بوو ؟)

– ساڵی ١٩٠٠ لە دایك بووم، یانی ئەو ڕۆژانە ٣٠ ساڵ بووم.

– بەڕاستە باپیرە؟ یانی تۆ ئێستا تەمەنت ٩٦ ساڵە؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٣٤-٤٣٥).

لەم دایەلۆگەدا هەم بە تەمەنی (خایم) ئاشنا دەبین، هەم پەردە لەسەر ڕووداوێکی مێژوویی واقیعی هەڵدەماڵێت. کە ئاماژەیە بە (شەڕی بەر دەرکی سەرا یاخود ڕۆژی ڕەشی ٦ ی ئەیلوولی ١٩٣٠). کە دانیشتوانی شاری سلێمانی (دژی ئەو

هەڵبژاردنە بوون کە بڕیار بوو لەو ڕۆژەدا ئەنجام بدرێت، چونکە هیچ مافێکی کورد لەو هەڵبژاردنەدا زامن نەکرابوو. خەڵکی شار کۆبوونەوە و بە هوتاف و شیعر خوێندنەوە بەرەو بەر دەرکی سەرا بە ڕێکەوتن، لەو کاتەدا گرژی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی حوکمەت دروست دەبێت. کە تێیدا تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێت و کۆمەڵێك خەڵکی بێ گوناهـ دەبنە قوربانی) (بابان، ٢٠١٢، ٢٧٣-٢٧٤). واتە لێرەدا ڕۆماننووس، مێژووی یادەوەرییەکانی (خایم) دەکاتە پەیامێك بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاگاداری ڕابردووی خۆی بێت، کە چۆن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی بەگژ دەسەڵاتدا دەچێتەوە. ڕۆماننووس کەسایەتی (خایم) ی بەجۆرێك بونیاد ناوە، کە ژیانی بە کۆمەڵێك وێستگەی جیاوازدا تێدەپەڕێت، لە تەمەنی شەشساڵیدا باوکی ڕۆژانە لەگەڵ خۆیدا دەیبردە بازاڕ، بۆ ئەوەی هاوکاری بێت لە کاروباری بەڕێوەبردنی دووکانەکەیاندا، کە دەکەوتە (قەیسەری نەقیب)ەوە لە شاری سلێمانی، چونکە باوکی دەیویست (خایم) ببێتە بازرگان. دواتر لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە داوا لە جووەکان دەکرێت، کە پێویستە چەند منداڵێك بنێرنە (قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی)، (خایم) یەکێك دەبێت لەو قوتابیانەی لەلایەن جووەکانەوە بۆ خوێندن دەستنیشان دەکرێت، هەرچەندە باوکی (خایم) زۆر دژی ئەو بڕیارە بوو، پێی وابوو خوێندن لەو قوتابخانەیە دژی کلتووری جووەکانە ((یەکەم ڕۆژی چوونم بۆ قوتابخانەی ڕوشدییە باش لە بیرمە لە حەوشەکە تێکەڵاوی کۆمەڵێك قوتابیی تریان کردین، ئێمە شەش منداڵی جوو بووین، دوای ئەوەی کۆمەڵێك قوتابیی بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر چەند سروودێکی تورکییان بە کۆرس خوێند، ئاڵای عوسمانی و بە قسەی قوتابییەکان بێت ئاڵای ئیسلامیان هەڵکرد)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٨-١٩). ئەم دیمەنەش بۆ نمایشکردنی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە، کە لە ساڵانی (١٩٠٨) دا لە کوردستاندا خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز بوون، بەڵام (خایم) دوای دوو ساڵێك واز لە خوێندن دەهێنێت. بەم جۆرە (خایم) هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەرفەتی بەریەککەوتی لەگەڵ خەڵکانی تردا بۆ دێتەپێش، بەڵام ژیانی لە تەمەنی منداڵیدا زۆر سەخت بوو، چونکە نەیدەتوانی هاوسەنگییەك لە نێوان حەز و خولیاکانی خۆیی و خواستی دایك و

باوکی و بیروباوەڕە ئاینییەکەیدا بکات، دایکی (خایم) هەموو شەوێك پیاوچاکێك دێتە خەوی و ئەم پەیامەی پێدەدات ((خوا ئەو کوڕەی پێ بەخشیویت بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببێت بە حاخام)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٤). بۆ هێنانەدیی خەونی دایکی ناچارە ماوەیەك لە (کنێسەت) بخوێنێت. باوکی (خایم) هەمووکات سەرزەنشتی دەکرد و بەکەسێکی بێکەڵکی لە قەڵەم دەدا، ئەمەش فشاری زیاتری لەسەر باری دەروونی جێدەهێشت ((دایکت ڕاستی ئەکرد تۆ و کەسابەتیان نەوتووە، تۆ خوا بۆ حاخامی خوڵقی کردوویت! باوکم بەو نەخۆشی و بارگرانییەی خۆیەوە هەموو ڕۆژێك ئاوای پێ ئەوتم)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٧٩). بێگومان لە (هەموو ڕۆمانێکی مێژووییدا هەم مێژوو ئامادەیی هەیە، هەم ئەو وێنە ئەندێشەییانەی کە ڕۆماننووس دەیخوڵقێنێت، بۆیە لە ڕۆمانی مێژووییدا پێویستە هەر دوو لایەنەکە تەواوکەری یەکدی بن، چونکە ئەگەر ڕۆمان تەنها ڕووداوی واقیعی لە خۆ بگرێت دەبێتە مێژوو، هەروەك چۆن ئەگەر ئەندێشە بەسەریدا زاڵبێت، ئەوا بە ڕۆمانی مێژوویی ناوزەد ناکرێت). (حسن، ٢٠١٠، ١٣٦). ڕۆماننووس لەڕێی کەسایەتی (خایم)ەوە توانیویەتی واقیعە مێژووییەکە و ئەندێشەکانی خۆی پێکەوە بگونجێنێت و دەقێکی ئیستاتیکی لێ بەرهەم بهێنێت. بۆیە بە وریاییەوە ڕیتمی درامی ڕۆمانەکە بەرەوپێش دەبات و مەبەستێتی یاری بە شوێنی ڕووداوەکان بکات و جوگرافیایەکی فراوانتر بخزێنێتە نێو پانتایی دەقەکەوە. بۆ ئەم مەبەستەش (خایم) ئامادە دەکات، تاوەکو چەند ساڵێك بۆ خوێندنی ئاینی ڕوو لە شارەکانی (کەرکوك و بەغداد) بکات. گەشتی نێوان شارەکان ئەزموونێکی دیکە بۆ کەسایەتی (خایم) زیاد دەکەن و ئاستی بیرکردنەوە و تێڕامانی فراوان دەکەن، چونکە ئاشنای کەسانێك دەبێت، کە لە ئاست و پلەی جیاوازیی ڕۆشنبیرییدان، جگە لەوەی گۆڕانکارییە ژینگەییەکەش کاریگەرییان لەسەر پێگەیاندنی کەسایەتی دەبێت. بەمەش ئاسۆی بینینی فراوانتر دەبێت. هەروەها بەوریاییەوە گوێ بیستی ئەو گۆڕانکارییانە دەبێت، کە لە کوردستان و عێراق و جیهاندا لەو سەردەمانەدا دەگوزەرێت، واتە (خایم) ئەو کارەکتەرە کارا و گەشەسەندووەی نێو ڕۆمانەکەیە، کە دەبێتە پردی پەیوەستکردنی هەلومەرجی کوردستان بە شارەکانی دیکەی عێراقەوە.

ڕۆماننووس ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی تەوزیفی نێو ڕۆمانەکە دەکات، کە ئەویش بەزۆر ڕاپێچکردنی دانیشتوانی کوردستانە لەلایەن عوسمانییەکانەوە بۆ غەزاکردن دژی ڕووسەکان ((هەر کەسێك بۆ سەفەربەلیك بڕوات، ئیتر بە تەمای گەڕانەوەی مەبن!)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤). ڕۆماننووس وێنای ئەو ڕۆژگارانەی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات، کە چۆن برسێتی و نەبوونی و قاتوقڕی و نەخۆشی و هەژاری یەخەی دانیشتوانی کوردستانی گرتووە و بەبێ جیاوازیی ئاین و ڕەگەز هەموویان باجی ئەو ژیانە سەختە دەدەن، زوڵم و زۆرداریی عوسمانیەکانش هێندەی تر ژیانی لە هاوڵاتییان تاڵ کردبوو، چونکە دەستیان کردبوو بە ڕەشبگیری و هەموو ئەو گەنج ولاوانەی کە زیندوو مابوونەوە بە زۆرەملێ و بەناوی غەزاوە ڕاپێچی شەڕیان دەکردن، ئەو ڕەشبگیرییەش لە مێژوودا بە (سەفەربەلیك) ناسراوە و ئەوەی ڕۆیشتووە ئیدی نەگەڕاوەتەوە. (خایم) بەم شێوەیە وێنای ئەو ساتانە دەکات ((ئەو پێنج ساڵەی لە ماڵی ماتان و لە شاری کەرکوك ژیام، ساڵانی جەنگ و گرانییە گەورەکە بوو، وشەی سەفەربەلیك وێردی سەر زوبانی هەموو کەسێك بوو، بە درێژاییی ئەو ساڵانە قاتوقڕی و برسێتی بەردەرگای بە هەموو کەسێك گرتبوو، لە سلێمانییەوە تەنها هەواڵی تاعوون و ڕشانەوە و مردنم پێ ئەگەیشت)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٥-٤٦). (خایم) شاهیدێکی بەئاگای مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیایە. گێڕەرەوە لە گواستنەوەی وێنە تراژیدیەکان بەردەوامە ((مەینەتی ساڵانی جەنگ و گرانی، دانیشتووانی گەڕەکی جوولەکەی کردبوو بە خزم و دۆستی نزیکی یەکتری، ژن و منداڵەکان بووبوون بە لێپرساو و گەورەی ماڵ، ئەو پیاوانەی تاعوون و ڕشانەوە نەیکوشتبوون یان لەلایەن تورکەکانەوە دەستگیر نەکرابوون، لە ژێر زەمینەکاندا وەکو جرج و مشکی ناو زێرابەکانی شار ئەژیان............ گەڕەکی جوولەکان بێجگە لە بۆگەنی شیوەکە بەردەوام بۆنی لاشەی مردووی لێ دەهات)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٥٥). کاریگەریی جەنگ و نەخۆشی و برسێتی لە ژێر دەستی داگیرکەرێکی دڵڕەقدا هێندەی دی ڕەهەندی دەروونی و جەستەیی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەی شەتەك و ماندوو کردبوو. بێگومان گێڕەرەوە مەبەستیەتی لە ڕێی ئەو وێنانەوە، وەرگر قەبارەی ئەو کارەساتە بزانێت، کە لە باشووری کوردستاندا دەگوزەرا.

ڕۆماننووس بۆ خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە باز بەسەر چوار ساڵی کاتی ڕۆماندا دەدات، کە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییە ((لەو چوار ساڵەی سەردەمی گرانی و جەنگدا، گەلێك لە شێخ و مەلاکانی شاری سلێمانی لەلایەن سوڵتانەوە خەڵات کران، هەندێکیان بە مەدالیای زێڕ و ئەوانی تر دوای جەنگ خەرجیی چوونی حەجیان بۆ کرا)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٥٦). لەو نەهامەتییەدا، گێڕەرەوە پەردە لەسەر ڕووی کۆمەڵێك کەسی هەلپەرست هەڵدەماڵێ، کە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی کەسی بەناوی ئایینەوە خزاونەتە سەنگەری دوژمنەوە و لە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی خۆیاندا بەشداربوون.

ڕەهەندێکی دیکەی ڕۆمانی مێژوویی ئاماژەدانە بە کات یاخود مێژوویەکی دیاریکراو، ڕۆمانووس بە کارامەییەوە تەوزیفی کاتی مێژوویی کردووە. ئەویش تۆمارکردنی ڕێکەوتی گەیشتنی (خایم) ە، بە شاری بەغداد ((٢٠ ی مانگی دووی ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ کاروانەکەی عەبدولکەریم ئەلیاس بەرەو بەغداد کەوتمەڕێ، ............ پێنجی سێی ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ کاروان گەیشتمە بەغداد)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٨٧ و ١٠٢). بەرجەستەکردنی ئەو کاتە مێژووییە، زەمینە خۆشکردنە بۆ خولقاندنی ڕووداو و بەسەرهاتی نوێ لە نێو بونیادی ڕۆمانەکەدا، کە خۆی لە هاتنی ئینگلیزەکاندا بەرەو بەغداد دەبینێتەوە ((سوپای ئینگلیز لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان بۆ سەر شاری بەغداد هێناوە، موختاری گەڕەکەکان داوایان لە خەڵکی کردووە هەموو چەك هەڵگرن و دژی ئینگلیز بوەستنەوە، ............ سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩١٧ سوپای بەریتانی شاری بەغدادیان داگیرکرد)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٠٤ و ١٠٦). ئەرکی (ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگە و شیکارکردنی پێدراوەکانییەتی، ڕووداویش هەرچەندە بچووك بێت، ئەوە لەسەر جیهانبینیی ڕۆمانووس دەوەستێت، کە چۆن بتوانێت ڕووداوێکی مەزنی لێ بخولقێنێت). (حسن، ٢٠١٠، ١٣٥). لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆمانووس کاتی گەشتەکەی (خایم) کە ڕووداوێکی کەسییە بە ڕووداوێکی مەزنەوە دەبەستێتەوە، کە گۆڕانکاری گەورەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە. ئەمەش پەیوەستە بەو گەمە هونەرییەی کە ڕۆمانووس ئامادەسازی بۆ دەکات.

ڕۆماننووس بۆ بەخشینی خەسڵەتی واقیعیبوون بە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بەردەوامە، هەربۆیە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕەوتێکی زنجیرەیی وەرگرتووە ((مانگی تشرینی ساڵی ١٩١٨ ئینگلیزەکان گەیشتنە شاری سلێمانی، پاش دوو حەفتە و دوای ئەوەی بارودۆخەکە ئارام بوویەوە نوئێل ناوێك کرا بە ڕاوێژکاری سیاسی مێجەر دانلیس وەکو ڕاوێژکاری سەربازیی شێخ مەحموود دانرا)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٢١). ئەم ڕێکەوتەش لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکاندا تەبا دێتەوە، چونکە ئینگلیزەکان بەپێی ڕێکەوتنێك لەگەڵ (شێخ مەحموود) دا، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا دەگەنە شاری سلێمانی و (مێجەر نوئێل) فەرمانی دانانی (شێخ مەحموود)، وەکو حوکمداری کوردستان ڕادەگەیەنێت. (بابان، ٢٠١٢،٢٠٨).

ڕۆماننووس وێنەی ڕووداوێکی دیکەی نەخوازراوی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکێشێت، کە کۆمەڵێك گەنج لەلایەن کەسانی ئاژاوە گێڕەوە هاندراون بەدار و بەرد پەلاماری گەڕەکی جوولەکان بدەن ((زیاتر لە چل بۆ پەنجا گەنج و منداڵ ئەبوون، زۆرینەیان دار یان بەردیان لە ناو دەست بوو، چەندین کەسیان بە جامانە دەموچاوی خۆیان هەڵپێچابوو، ................ خەڵکەکە ڕژانە ناو کۆڵانەکانی گەڕەکی جوولەکان، بەدار و بەرد کەوتنە لێدانی دەرگایماڵەکان و بەردتێگرتنی پەنجەرەکان)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦٢). ئەم ڕووداوانە لەو سەردەمانەدا پێکەوە ژیانی نێوان موسڵمانان و ئایینەکانی دیکەی وەکو جوو و مەسیحی دەخستە ژێر پرسیارەوە. بێگومان هاندانی ئەو گەنجانە بۆ هەڵکوتانە سەر جووەکان بە بیانووی جیاوازیی ئایینەوە و زیان گەیاندن بەسەر و ماڵیان لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر دوور بووە، چونکە پێکەوە ژیان لە کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە و سەرجەم ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکان پێکەوە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە کوردستاندا بە ئارامی ژیاون، هەربۆیە دوای ڕووداوەکە پیاوماقووڵانی شار پێکەوە کۆدەبنەوە و هەوڵی هێورکردنەوەی گرژییەکان دەدەن.

کەسایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە (خایم) ژیانی پڕ بوو لە گۆڕانکاری، دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ (کانیشا)ی پوورزایدا دەکات. جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد و بەکاری بازرگانییەوە سەرقاڵ دەبێت. پاشان دەبنە خاوەنی

کوڕێك ((ڕۆژی دووی مانگی چواری ساڵی ١٩٢٦، لە بەغداد، حەکیمی کوڕم لە دایك بوو، دوای لەدایکبوونی حەکیم، باری دەروونیی کانیشای خێزانم تێکچوو، بە جۆرێك نەیئەتوانی خزمەتی خۆی و کۆرپەکەی بکات، مەجبوور بووم ئەو ساڵانە کارەکەر بگرم)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٤٢). (کانیشا) ی خێزانی (خایم) دوای ئەوەی باری دەروونی و جەستەیی زیاتر تێکدەچێت، خۆی ژەهر خوارد دەکات و بەو هۆیەشەوە گیانی دەردەچێت. ئیدی ئەم کارەساتە (خایم) زۆر ناڕەحەت دەکات و بڕیاری گەڕانەوە بۆ سلێمانی دەدات، لە سلێمانیش دوو لە خۆشەویسترین هاوڕێکانی بە ناوی (ڕەحیم و ڕەحمان) لە دەست دەدات. ئەمەش زیاتر لەڕووی دەروونییەوە دەیڕووخێنێت ((کوژرانی ڕەحیم و ڕەحمان ئاسەواری برینێکیان لەسەر سنگمدا بەجێ هێشت، کە بە درێژاییی تەمەنم لە یادی ئەواندا بەردەوام برینەکە تازە ئەبوویەوە و ئازاری ئەهات)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٥٥). ڕۆماننووس، بۆئەوەی ڕەهەندی دەروونیی (خایم) بە وەرگر بگەیەنێت. هەروەك چۆن هەندێك رۆماننووس (وێناکردنی ڕەهەندی دەروونیی کەسایەتی بە گرنگتر دەزانن لە ڕەهەندی جەستەیی، چونکە فاکتەرە دەروونییە ئاڵۆزەکان ئاکاری تاك دیاری دەکەن، کە خودی تاك بۆ خۆشی هەستیان پێناکات، بۆیە زیاتر ڕووناکی دەخرێتە سەر دیوە شاراوەکەی تاك). (الجنابي، ٢٠٠٩، ٩٥). لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس کار لەسەر ئاشکراکردنی دیوی ناوەوەی (خایم) دەکات، تاوەکو وێنای ئەو حاڵەتە دەروونییە بکێشێت، کە پێیەوە گرفتارە ((ساڵانێك تێپەڕین و چەندین گۆڕانکاری ڕوویان دا و من هێشتا دوای کوژرانی ڕەحیم و ڕەحمان بە ماڵ و شاری سلێمانی گەشبین نەبووم، چەند جارێك ویستم بە تەنیا و بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بکەمەوە سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم، پاشان بە ڕێکەوت مانگی دووی ساڵی ١٩٣٦ لە بەغداد لە شەریکەی تۆماس کوك بیتاقەی قیتارم بڕی، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە نووسینگەکە وەرمگرت، گوایا لە ڕێگای ئەستەمبوڵەوە بە حەوت ڕۆژ ئەگەمە شاری پاریس)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦٦). (خایم) دەیویست لەڕێی ئەم گەشتەوە باری دەروونی ئارام بکاتەوە و هێمنی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێك دەگاتە پاریس و کنێسەتی جووەکان دەبینێتەوە، لەوێش دووچاری واقیعێکی تاڵ دەبێتەوە ((بەڕێکەوت لە شانزەلیزەی چوومە بەردەمی

کنێسەتێك و بە ئەستێرەکەی داودا ناسیمەوە، ئەو ڕۆژە لە ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی هەرێمی بەڵقانەوە نێزیکەی دە خێزانێك ناچار کرابوون و بۆ پاریس هەڵهاتبوون، کاتێك کەوتمە لێدوان لە گەڵیاندا و باسی خۆمم بۆ کردن و پێم وتن، کە ئەمەوێت بەیەکجاری لە پاریس بمێنمەوە، پیاوێکی بەتەمەن، کە لە شاری کییێف حاخامی کنێسەت بووبوو، توند یەخەی گرتم و هاواری کرد بەسەرمدا و بەتووڕەییەوە پێی وتم، ڕۆژ بە ڕۆژ بیری نازییەت لە ئەوروپادا پەرە ئەسەنێت، لە هیچ وڵاتێکدا ئێمەی جووەکان پارێزراو نابین و مەجبوور ئەبین بۆ ئەمریکا یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕۆین، ئیتر تۆش لەوێوە هاتوویت و ئەتەوێت لەم دۆزەخە بمێنیتەوە ؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٧٠). ئامۆژگارییەکانی (حاخام) بۆ (خایم) پێشبینی کارەسات و جەنگێکی گەورە بوو بۆ داهاتووی جووەکان بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی، ئەویش بە ترسی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی (نازییەت) لە سەرتاسەری ئەوروپادا پەیوەست بوو، هەرچەندە (خایم) لەو گەشتەیدا لەگەڵ ژنێکی جوو بە ناوی (مارتا) پەیوەندی دەبەستێت و ماوەیەك پێکەوە دەمێننەوە، بەڵام دواتر (مارتا) بەرەو ئەمریکا گەشت دەکات. بەم شێوەیە (خایم) لەڕووی دەروونییەوە دووچاری داڕووخان دەبێتەوە و بڕیاری گەڕانەوە دەدات ((وەکو گەڕیدەیەك ڕێگای وڵاتم گرتەبەر و چۆن چووبووم، ئاوایش بۆ عێراق گەڕامەوە، لە گەڕانەوەمدا زۆر سەرمەست و غەریبی مارتام ئەکرد، هەستم ئەکرد عەشقی مارتا گۆڕانکاری بەسەر خەیاڵ و ڕۆحی مندا هێنابوو، تاوەکو وێستگەی بەغداد لە قیتار دابەزیم لە گەڕانەوەم پەشیمان بووم)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٧١). هەموو ئەو دەرفەتانەی بۆ (خایم) دێتە پێشەوە، ناتوانن سرەوتێك بە ڕۆحی بیماری بدەن، ئەمەش پەیوەندیی بە بونیادی کەسایەتی (خایم)ەوە هەیە، کە بە جۆرێك خوڵقاوە، تاکو وەك مرۆڤێکی تراژیدی دەربکەوێت و جگە لە غەم و ئازار و نەهامەتییەکانی خۆی، غەمی مرۆڤایەتیشی لە کۆڵناوە. بۆیە هەمیشە لە هاتوچۆدایە، کەچی هەست بە ئارامی ناکات (ئینسان کە نیشتمانی خۆی جێ دەهێڵێت و لە تاراوگە دەگیرسێتەوە نیشتمانی خۆی لەکیس دەچێت، وەلێ تاراوگە نابێت بە نیشتمانی، کە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ زێدی خۆیشی دەگەڕێتەوە، هەست دەکات، ئەوی بۆی گەڕاوەتەوە، نێشتمانەکەی جاران نییە

............ ئەوی نیشتمانی خۆی جێ هێشت، ئیدی جارێکی دیکە بەهەمان نیشتمان شاد نابێتەوە، با بۆیشی بگەڕێتەوە). (حەسەن، ۲۰۰۸، ۳۸). ئەم بارودۆخە تەواو لە کەسایەتیی (خایم)دا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ناتوانێت لە شوێنێك ئارام بگرێت و هەمیشە لە دۆخی جووڵەدایە، کێشەی ئەو کێشەی بوونە لەگەڵ خۆیی و دەوروبەریدا، ناتوانێت وەڵامێکی شیاو بۆ پرسی بوونی خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە هەمیشە وەك نامۆیەك دەردەکەوێت.

ڕۆماننووس لەڕێی دیدارێکی (خایم)ەوە، وەرگر بە وێنەی چەند کەسایەتییەکی واقیعی کورد ئاشنا دەکات، کە ئەدگارێکی دیکەی ڕۆمانی مێژووییە، ئەویش کاتێك دەیەوێت لەگەڵ (حاجی تۆفیق - پیرەمێرد) و (حەمە ئەمین زەکی) و کەسێکی دیکە بە ناوی (عەبدولکەریم ئەلیاس)دا، سەردانی قەشەی نوێی کەنیسەی مریەمی عەزرا لە سلێمانی بکەن، بەمەبەستی بەخێرهێنانی. لەو دیدارەدا زۆر پرس و بابەتی پەیوەست بە هەلومەرجی گشتی عێراق و کوردستان و بارودۆخی (مەسیحی و جووەکان) کە کەوتبوونە بەر هەڕەشەی عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە شرۆڤە دەکەن. هەموویان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە دۆخی ناوچەکە بەرەو گرژی و جەنگ دەچێت و ئاکامەکەشی هەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو، هەر لەم دیدارەدا (حاجی تۆفیق – پیرەمێرد) ئاماژە بە نامەیەك دەکات ((ئەم نامەیەم لە تۆفیق وەهبییەوە بۆ هاتووە، کە حاڵی حازر لە فەلەستینە و دەڵێت ئێستا لە ئێستگەیەکی ڕادیۆ لە حەیفا پێکەوە لەگەڵ عەبدوڵڵا گۆران و ڕەفیق چالاك کار ئەکەین)). (نیشتمانی سارا، ۲۰۱۹، ۱۸۰). جوولەکە دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی ڕۆڵیان هەبووە لە (باربۆکردنی کۆمەڵەی زانستی کوردان........ هەروەها یارمەتیدان و دەستگیرۆیی دارایی بۆ کڕینی ئامێری چاپ لە ئەڵمانیا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە، بەو پێیەی کە جوولەکەکانی شار لە خوێنەرانی ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو سەردەمانە بوون، وەك (پێشکەوتن) (ڕۆژنامەی کوردستان) (بانگی کوردستان) (ئومێدی ئیستقلال) (ژیانەوە) (ژیان)، شانبەشانی خەڵکانی دەستڕۆیشتووی شار و لە دووەم (حکومەتی کوردستان)دا بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی گەورە). (حەمەتۆفیق، ۲۰۱۵، ۱۱٤ -۱۱٥). (خایم)یش لە ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەم دیمەنە ئاشنا دەکات ((کاتێك لە کەنیسەی مریەم هاتینە دەر،

حاجی تۆفیق (مەبەست پیرەمێردە) ڕووی لە من و عەبدولکەریم ئەلیاس کرد و پێی وتین، ئەوە خۆمن بۆ ژین بەتەمای پیتاکی ئێوە بووم، ئەرێ براگەلینە ئێوە کەی ئەوەندە چرووك بوون، ئادەی چیتان بۆ کردم ؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٨٢). بەحوکمی ئەوەی (خایم) کەسێکی هەبوو بووە، هەروەها ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدیب و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیدا هەبووە. بۆیە پشتگیرێکی بەردەوامی بزاڤی ڕۆشنبیری بووە.

لە ڕێی یادەوەرییەکانی (خایم)ەوە، خوێنەر بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ئاشنا دەبێت، کە لەلایەن حوکمەتی عێراقەوە تایبەت بە جووەکان دەرچووە ((بە بڕیاری نووری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراق جوولەکەکان هەموویان دەستبەسەرن و موڵك و ماڵیان دەستی بەسەردا ئەگیرێت ........... لە سلێمانی دائیرەی ئەوقاف ڕاسپێردراوە تاوەکو حەل و فەسڵی سەروەت و ماڵی ئێوە (مەبەستی جووەکانە) بکات)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٠٩). بەپێی ئەم بڕیارەی دەوڵەت دەبوایە سەرجەم خێزانە جووەکانی عێراق بە سەڵتی لە وڵات دەربکرێن و ڕەوانەی ئیسرائیل بکرێن. بەم شێوەیە گشت ئەدگار و گۆڕستان و شوێنە ئاینییەکانیان، بەپێی پلانی حوکمەت لە ناو دەبرێن و هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوکردنیان دەدرێت ((کنێسەتەکەی گەڕەکی جوولەکانی شاری سلێمانی لە سەرەتای دروستبوونی شارەوە بنیاد نرابوو، ساڵی ١٩٥٥ دوای ئەوەی سێ ساڵ داخرابوو، نۆژەن کرایەوە و ناوی مزگەوتی شێخ عەباسی لێ نرا، قەبرسانەکان، بە پلان کران بە شوێنی نیشتەجێبوون و خانوویان لەسەر دروست کرا، ............ ئەوسا گۆڕستانی جووەکانی شاری سلێمانی لە نێوان گەڕەکی سەرشەقام و جوولەکاندا بوو، ساڵی ١٩٥٣ جادەیەکی سی مەتر پانی بە نێواندا کێشرا و تەواوی گۆڕستانەکە لەسەر نەخشەی شارەکە سڕایەوە)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢١٠). یەکتر قبووڵ نەکردن و بیری تەسکی شۆڤێنییەتی عەرەبی هاندەر بوو بۆ سڕینەوەی شوێنەواری جووەکانی کوردستان و پاکتاوکردن و دەرپەڕاندنیان لە وڵات. دوای ئەوەی هەموو خێزانە جووەکانی شاری سلێمانی بەر شاڵاوی دەرکردن دەکەون. تەنیا (خایم) و خێزانەکەی لە سلێمانییدا دەمێننەوە، ئەوانیش بۆ خۆ حەشاردان لە گەڕەکێکی دیکەی شاردا خۆیان پەنا دەدەن و لە فەرمانگەی

ڕەگەزنامەش ناو و دیانەتی خۆیان دەگۆڕن ((هەرچەندە باپیرە خایم و حەکیم پێنج ساڵێك لەووبەر بە بەرتیل و هاوکاریی دۆستانیان ناو و دیانەتەکەیان لەسەر ناسنامەکانیان گۆڕیبوو)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٥٩). (خایم) زۆر بەتوندی بە کورستانەوە پەیوەست بوو، بەڵام (حەکیم) ی کوڕی زیاتر سۆزی بیروباوەڕە ئاینییەکە بەسەریدا زاڵبوو، بۆیە هەمیشە باوکی هاندەدا بۆ ئەوەی بچنە ئیسرائیل و کوردستان بەجێبهێڵن، بەڵام (خایم) بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە ((ئەزانیت حەکیم ساڵی ١٩٠٠ باوکم یەکەم کەس بووە، لەگەڵ دروستکردنی ئەو قەیسەریی نەقیبەدا دووکانی تێدا بە کرێ گرت. ئەوە بە تۆوە سێ نەوە لەسەر ئەو کولانە گورگە ژیاوە)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٦٠). (خایم) نەیدەویست دەستبەرداری مێژووی خۆی و خاکی کوردستان بێت، (خایم) بۆ ئەوەی بە (حەکیم) ی کوڕی بسەلمێنێت دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و دەڵێت ((سلێمانی شاری ئێمەیە، وڵاتی کوردستان جێگای باو و باپیرانمانە نەك ئیسرائیل، ئێمە پێش دروستبوونی شاری سلێمانییش لە قەڵاچوالان بووین و بە ڕەنجی شانی خۆمان ژیاوین، ئەوە بۆ زیاتر لە سێسەد ساڵ ئەچێت ئێمە ڕەنج ئەدەین و شێخ و دەرەبەگ بە چاوی کەم و سووکایەتیپێکردنەوە سەیری ئێمە دەکەن و سەرانەمان لێ ئەسەنن، باپیرە گەورەم خۆی لە قەڵاچوالان لە دایك بووە و لە دروستکردنی شاری سلێمانیدا ڕاوێژکار بووە، خۆی یەکەم بەردی بناغەی گەڕەکی جوولەکانی داناوە، بە پارە و بیری ئەو بازاڕ و ئابووریی شار دروست کراوە و بووژاوەتەوە، ئێستا ئەوان ئێمە بە دەرەکی و غەریب لە قەڵەم ئەدەن و بەرەو ئیسرائیل یەك-یەك و بەکۆمەڵ دەرمان ئەپەڕێنن)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٦٠). هەرچەندە (خایم) لەو بارو گوزەرانەی کە تێیدایە ناڕازییە و ڕەخنە دەگرێت، کە تەنیا بە هۆی بیروباوەڕە ئاینییەکەیانەوە سووکایەتییان پێدەکرێت و سەرانەیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام لە کوردستاندا خۆی بە نامۆ نازانێت، چونکە خاوەنی مێژووە، بەڵام بەخت یاوەری (خایم) نابێت و شەوێك هێزێکی تایبەت هەڵدەکوتنە سەر ماڵیان و بەزۆرەملێیی ڕاپێچیان دەکەن ((سەڵت و قوت پێچاپانینەوە و هەر ئەو شەوە بۆ دەمەو بەیانی گەیاندینیانە بەغداد، ڕۆژی دوای ئەو شەوە لە فڕۆکەخانەی بەغداد سواری فڕۆکەیان کردین و ڕاستەوڕاست لە فڕۆکەخانەی یورشەلیم دابەزین)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٨٩).

(خایم) دوای دابڕانێکی زۆر لە کوردستان و ژیان لە ئیسرائیل بەم شێوەیە لەگەڵ (مەحموود)ی کوڕەزایدا دەدوێت، کە ئالوودەی مادەی هۆشبەر بووە و لە نەخۆشخانەیەکی دەروونیدا لە ژێر چاودێریدایە ((ئەوە بۆ سی ساڵ ئەچێت من و تۆ چۆن ژیاوین، من وەکو قەلەڕەشێکی تەنیا لە کولانەیەکی بەرز و لە باڵەخانەیەکدا بەبێ هیچ پەیوەندی و هاودەنگێك ژیام، بەردەوام پەیکەرم تاشیوە و شەرابم خواردۆتەوە و بە خەیاڵ لە جادە و کۆڵانەکانی سلێمانی بووم، تۆش لەوەتەی لە لاوێتیەوە هاتوویتە ئەم وڵاتە لە نیگارکێشان و عارەقخواردنەوە زیاتر هیچی ترت نەکردووە، کەواتە من و تۆ هەمان کێشەی دەروونیمان هەیە)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤١٦-٤١٧). کێشەکەیان بریتییە لە دابڕان لە مێژووی خۆیان، بۆیە بە نامۆییەوە لە خۆیان دەڕوانن، چونکە پێی وایە کاتێك مرۆڤ لە زێدی خۆی هەڵدەکەنرێت. ئیدی هیچ شوێنێك بە هی خۆی نازانێت و بەردەوام بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە. بۆیە (خایم) لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزانەکەیان دەکاتە نموونە، ئەوەتا (خایم و مەحموود) لە بارێکی دەروونیی خراپدان. (حەکیم)ی کوڕی لە باڵەخانەیەکی بڵندەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ئەمە وێنەی خێزانێکە، کە لە مێژووی خۆی دابڕێنراوە و دووچاری غوربەت کراونەتەوە، کە ئاکامەکەی تێکچوونی شیرازەی خێزانەکە و ونبوونیەتی، (خایم) دەیەوێت خۆی لەو ئازارە ڕزگار بکات. بۆیە بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. ئیدی دوای سی و دوو ساڵ دابڕان، (باپیرە خایم) لەگەڵ نەوەیەکی بەناوی (ئارۆن) دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان ((مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٦ لە فڕۆکەخانەی بەغداد دابەزین)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤٠). ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ کوردستان هەموو ڕابردووی خۆی وەبیردێتەوە و دەیەوێت یەك یەك سەردانی ئەو شوێنانە بکات کە پڕن لە یادەوەرییەکانی ژیانی ((ڕۆژێك دوای ئەوەی گەیشتبوونەوە سلێمانی، لەسەر شیوەکەی جوولەکان ڕاوەستابوو، قۆڵی لە قۆڵی ئارۆن هەڵپێکابوو، ئەیزانی بەبێ هێز و هاوکاریی ئەو پێکانی هێزیان تێدا نییە هەنگاو هەڵبێنێتەوە، ............ زیاتر لە نیو کاتژمێر لەوێدا بە بێدەنگ لە ئاو و لیتاوی شیوەکەی ئەڕوانی)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤١). (خایم) دەیویست سەردانی قەیسەری نەقیب و بەر دەرکی سەرا و ئەو شوێنانە بکات کە

هۆگری ببوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی نادات ((باپیرە خایم تەنها دوو ڕۆژ لە سلێمانی ژیا، ئێوارەی ڕۆژی دووەم، ................ بەبێ ماڵئاوایی و لە چەند هەناسەیەکدا چاوی لێك ناو گیانی دەرچوو، ڕۆژێك دوای مردنی لە گۆڕستانی سەیوان لە تەنیشت حەمەجانی هاوڕێیەوە ناشتیان)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤٣). (خایم) وەك کەسایەتییەك لە ئاستی سیمبولدا دەردەکەوێت، دەبێتە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی ڕابردوو و ئێستا، هەر بۆیە لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا (گەڕەکی جوولەکان) وەك شوێن ئامادەیی هەیە. بەهەمان شێوە لە کۆتاییشدا گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە هەمان شوێن. گەشتەکەی (خایم) گوزارشتە لە گەشتی ژیان و هێمایەکە بۆ بەردەوامی و سڕینەوەی سنوورەکان، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە ناتوانێت دەستبەرداری ڕابردوو و مێژووی خۆی بێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) هەوڵی وێناکردنەوەی ئەو مێژووە دێرینە دەدات . تاوەکو جارێکی دیکە لەو ڕابردووە بڕوانین و شرۆڤەیەکی ورد بۆ قۆناغەکانی بکەین.

گرنگیی مەزراندنی ڕووداوە مێژووییەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا، خۆی لە زیندووکردنەوەی ڕابردوویەکدا دەبینێتەوە، کە پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە، چونکە ناکرێت تەنیا وەك چەند ڕووداوێکی تێپەڕ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو خستنە ژێر پرسیاری زۆربەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەمانە لە ئێستادا و پێویستە تەواوی ئەو ڕووداوانە شرۆڤە بکرێن و وەڵامیان بدرێتەوە، کە پەیوەستن بەو پەیوەندییانەی کە کۆمەڵگەی کوردیی لەسەر بونیاد نراوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئاینی و فەرهەنگییەوە، کە ئایا ڕەوایە تەنیا بە هۆی جیاوازیی بیروباوەڕی ئاینییەوە ئاسایشی کۆمەڵگە بکەوێتە بەرمەترسی و هەڕەشەوە؟ ئایا ناکرێت گیانی لێبووردەیی و بەخشندەیی جێگەی ڕق و کینە بگرێتەوە؟ بۆچی دەیان هەزار کەس تەنیا لە بەر بیروباوەڕ لە زێد و لە مێژوو و لە تەواوی پیرۆزییەکانی دابماڵرێت؟ واتە پەیامی ئەدەب تەنیا نمایشکردن و دووبارە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو تیشك خستنەسەر ڕەهەندە هەستیارەکانی ژیانە، واتە ڕاکێشانی سۆز نییە بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ دووبارە خستنە ژێر پرسیاری لایەنی پێکەوە ژیان لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگدا، ئەوەی جێگەی تێڕامانە، نەتەوەی کورد خۆی هەمیشە

قوربانی و زۆڵم لێکراو بووە و دووچاری جۆرەها پاکتاویی جەستەیی و ڕەگەزی و فەرهەنگی بووەتەوە، بۆیە هەرگیز نەیویستووە کەمە نەتەوە و ئاین و ئایینزا و بیروباوەڕە جوداکان پاکتاو بکات، یاخود هەوڵی سڕینەوەیان بدات. ڕەوانەکردنەوەی جوولەکەکانیش لە عێراقدا پەیوەندی بە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق و هاوکێشە ڕامیارییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەبووە، کورد وەکو نەتەوە هیچ ڕۆڵێکی لەو کێشەیەدا نەبووە، بۆیە ڕۆماننووس ڕەخنە لەو بەهایانە دەگرێت، کە جۆری پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگەکاندا دادەڕێژن و پێی وایە ئیدی سەردەمی ئەوە هاتووە، جارێکی دیکە پێناسەی چەمکگەلی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و یەکسانی و ئازادیی بیروڕا بکرێتەوە، چونکە توندوتیژی تەنیا توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە پێویستە ڕێگری بکرێت لە دووبارە بوونەوەی هەڵەکانی مێژوو و چیدیکە هیچ نەتەوە و ئاین و ڕەگەزێك نەکەونە بەر شاڵاوی پاکتاوکردن و سڕینەوەی شوناسیان. واتە وێنە گەورەکە پەیوەندی بە جیهانبینی و تێڕوانینەکانی ڕۆماننووسەوە هەیە، کە دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە حەفتا ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا هێشتا کۆمەڵگەکان بەردەوامن لەسەر دووبارەکرنەوەی تراژیدیاکان، لە شوێنی جیاواز و بە ناوی جیاوازەوە، بۆیە گرنگی ڕۆڵی تەوزیفی مێژوو لە دەقێکی ئەدەبییدا ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە ڕاگوزەرانە بەسەر هیچ ڕووداوێکدا بازنەدەین و وردتر شرۆڤەیان بکەین.

**ئەنجام:**

١.ڕۆماننووس بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی مێژوویی بە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) ببەخشێت، پەنای بۆ تەوزیفکردنی چەندین کەسایەتی مێژوویی بردووە، وەکو (محەمەد ئەمین زەکی بەگ، پیرەمێرد، شێخ مەحموود، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، گۆران.... تاد).

٢.وێناکردنی شوێنی واقیعی سیمایەکی دیکەی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)یە و ئامادەییەکی بەرچاویان لە بونیادی ڕۆمانەکەدا هەیە. وەکو ئەو شوێنانەی تایبەتن بە شاری سلێمانی (گەڕەکی جوولەکان، سەرشەقام، چوارباخ، سابوونکەران، قەیسەریی نەقیب، بەردەرکی سەرا......تاد) ئەمەش لە پێناو بەخشینی خەسڵەتەکانی ڕۆمانی مێژووییە بە ڕۆمانەکە و وابەستەکردنی خوێنەرە بە واقیعی بوونی ڕووداوەکانەوە.

٣. لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، کاتی واقیعی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە ئامادەیی هەیە. ئەویش وەکو ئاماژەیەك بۆ ڕووداوە مێژووییەکان و دروستکردنی جیهانێکی واقیعی لە ئەندێشەی وەرگردا، تاوەکو زیاتر بە جیهانی ڕۆمانەکەوە پەیوەست بێت و لە ڕووی هونەرییەوە چێژبەخش بێت.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: ڕۆمان:**

نیشتمانی سارا، میران ئەبراهام، ٢٠١٩، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چ ١.
دەغدو، خوسرەو جاف، ٢٠١٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، چ ١.

**دووەم: کتێب بەزمانی کوردی:**

ئەحمەدزادە، هاشم(د)، ٢٠١٢، زمان ئەدەب و ناسنامە، دەزگای ئاراس، چ ١.
ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (د)، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس، چ ١.
بابان، جەمال، ٢٠١٢، سلێمانی شارە گەشاوەکەم (بەرگی یەکەم و دووەم)، دەزگای ئاراس، چ ٢.
حەسەن، حەمەسەعید، ٢٠٠٨، بەفرو گڕکان، دەزگای ئاراس، چ ١.
حەمەتۆفیق، ڕێبوار، ٢٠١٥، جوولەکەکانی شاری سلێمانی، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، چ ١.
ڕۆژبەیانی، زاهیر، ٢٠٠٨، چیرۆکی هونەریی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ ٢.
ڕۆژبەیانی، زاهیر، ٢٠١١، کاروباری گێڕانەوە، دەزگای ئاراس، چ ١.
ڕەشید، سابیر، ٢٠٠٧، ڕۆمانی کوردیی، دەزگای ئاراس، چ ١.

**سێیەم: بەزمانی عەرەبی:**

**أ. کتێب:**

اريك، براور و پاتای، رافائيل، ٢٠٠٢، يهود كردستان، ترجمة: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل.
پاشا، عبدالرحمن، ٢٠٠١، الرواية الكردية، دار ئاراس، ط ١.
الجنابي، جمال خضير (د)، ٢٠٠٩، الرواية التأريخية، مديرية الطباعة والنشر في دهوك.
عبدالله، يوسف حسن، ١٩٨٥، الفن القصصي بين جيلي طه حسين و نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
فضل، صلاح (د)، ٢٠٠٢، مناهج النقد المعاصر، ميريت للنشر والمعلومات، ط ١.

القاعود، حلمي محمد (د)، ٢٠١٠، الرواية التاريخية في أدبنا الحديث، العلم والأيمان للنشر و التوزيع، ط ٢.
لوكاش، جورج، ١٩٨٦، الرواية التاريخية، ت: د. صالح جواد الكاظم، دار الشؤون الثقافية العامة، ط ٢.
ماضي، شكري عزيز (د)، ٢٠١٣، في نظرية الأدب، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط ٤.

**ب.نامەی ئەكادیمی:**

جبر، شاهر محمد عبدالرحيم، ٢٠٠٨، الرواية التاريخية العربية في الأدب العربي الحديث ١٩٦٧-٢٠٠٠، اطروحة دكتورا، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية،
جرجر، زينب الحرارى عبدالنبي، ٢٠١٥، الرواية التاريخية/ روايتا أرض السواد لعبد الرحمن منيف و الأرامل والولي الأخير لخليفة حسين مصطفى نموذجا، اطروحة دكتورا، كلية اللغات/ جامعة طرابلس، دولة ليبيا.
حسن، امال شحادة، ٢٠١٠ ، الرواية التاريخية بين الأدبين العربي و الروسي في النصف الأول من القرن العشرين، رسالة ماجستير، كليةت الآداب و العلوم الإنسانية، جامعة البعث، الجمهورية العربية السورية، رسالة ماجستير.

## الملخص

## الرواية التاريخية، رواية (نيشتمانى سارا) نموذجا

ان هذا البحث دراسة تطبيقية عن رواية (نيشتمانى سارا) كرواية تاريخية، كأحد انواع الروايات، التي تستند في بنيتها الى التاريخ. ولكن هذا لايعني التعامل مع نص الرواية كموضوع تأريخي. بل الروائي يتناول أحداث التاريخ ويصوغها مرة ثانية بشكل فني ممزوجا بعالم الفكر في مخيلته، بحيث يشعر المتلقي أو القاريء بلذة النص الروائي.

ان الرواية التاريخية هي حقل لإعادة قراءة التاريخ بصيغة معمقة، ومحاولة إعادة إحياء الجوانب المخفية في التاريخ. وهكدا يتم ربط الماضي بالزمن الحاضر، حتى نخطوا بوعي تام نحو مستقبل مشرق. ومن هذا المنظور فإن رواية (نيشتمانى سارا) هي محاولة لإعادة تصوير أحداث القرن الماضي في كردستان العراق، و وضع التاريخ محل التساؤل والأستفهام.

## Abstract:

**Historical novel, with reference to Sara's Land novel**

This study is entitled (Historical novel, with reference to Sara's Homeland as an example). is a practical analysis of the novel (Sara's Homeland) which is historical novel the structure of which hinges upon history. Yet, This does not necessarily mean any treatment of the text as a history subject matter. Rather, the novelist here narrates the historical events and reshapes them in an artistic mode tinged with ideas and conceptions in his own mind, where the receiver / reader feels the pleasure of the fiction.

the historical novel serves as a field for re-reading history more profoundly and an attempt to revive the dark and hidden aspects of history. Thus, we can connect past to the present time due consciousness. From this standpoint, the novel )Sara's Homeland) is an attempt to re-portray the events of the past century in Iraqi Kurdistan and calling history into question.